

# پرۆژەی ئەنفال....
# پڕۆژەیەك بۆ لێدوان

نامیق حەمە

ئەمڕۆ ئیشکرد و قوڵبونەوە لەپڕۆژەی هونەریدا لای هونەرمەندان پێگەیەکی بەهێزی داگیرکردووە بەشیوازێك زۆر جار پڕۆژە بەدوای خۆیدا دنیابینی و کۆی پرسیارە کەڵەکەبووەکانی کۆمەڵگەکەی هونەرمەندی هەڵگرتووە و هونەرمەندیش بەئاڕاستەیەکی ئەکتیڤانە کار لەو پڕۆژانەدا دەکات بۆ خولْقاندنی فۆڕمێکی جیاواز لەو بەرهەمەی کە دەکرێت بڵێین لەپێشانگەیەکدا یان بەرهەمێکی هونەریدا نایەتە بەرهەم..

لەم هەڵوێستە کورتەوە دەگەینە سەرەتایەك بۆ دۆزینەوەی پرسیاری دەق لەپێگەو پانتایی پڕۆژەی هونەریدا، لەوێشەوە دەتوانین بزانین کە ئایا تاچەند ئەو دەقە دەتوانێت ماهیەتو قورسایی هەبێت بۆ کارەکەو ئیش لەسەرکردن، چونکە لەبیرمان نەچێت هەندێ دەق هەیە لەبنەماوە توانای وەڵامدانەوەی پرسیار و گومانەکانی هونەرمەندی نییە، گەرهەر دەقێکیش ئەم توانیستەی نەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە چەندکاری ئیعلامی و پڕو پاگەندەیی بۆ بکرێت و ئەوا لەبەردەم قوڵایی مەعریفی ئەوبەرهەمەدا دەمرێت و ناتوانێت یەك سنوری بەرتەسك ببڕێت..

لێرەوە دنیایەکی فراوان دەخولقێنێ بۆ ئاراستەکردنی ئەو پرسیارەی کە هونەرمەند لەپڕۆژە هونەرییەکە دەیکات، لێرەشەوە بەپلەی یەکەم ئەزموونی هونەرمەندەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبێت بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆژە هونەرییە.

گەر لەم پێشەکییە کورتەی لێرەشەوە دنیایەکی فراوانتر دەخوڵقێ بۆ ئاراستە کردنی ئەو پرسیارەی کە هونەرمەند لەپڕۆژە هونەرییەکە دەیکات، لێرەشەوە بەپلەی یەکەم ئەزموونی هونەرمەندەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆژە هونەرییە.


گەر لەم پێشەکیە کورتەی بێینەوە سەرکارکردنی پڕۆژە و پڕۆژەی هونەری لەکوردستاندا ئەوا بەناچاری پێویستمان بەدیاریکردن و ناساندنی چوارچێوەی پڕۆژەی هونەری دەبێت، ئایا ئەو کارەمەزنە چییە لەپێشانگایەکدا جێی نابێتەوە و دەبێتە پڕۆژە؟؟

چ ئەزموونێکی هاوبەش و چ کارێك ناو دەبرێت بە پڕۆژە؟

دەبێت پڕۆژە لەماهیەتی خۆیدا چ پرسیار و نهێنییەك کەشف بکات؟

بایەخ و گرنگی بۆ هونەری کوردی لەجێیدا هەیە؟

وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە لای هەر بینەرێك بەشێوازێك دەکەوێتەوە دێڕەکانی کۆتایی ئەو




نوسینەش پانتاییەکیکراوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دادەنێت.

گەر هەر هونەرمەندێك بیەوێت ئەزموون بكات، یان پرۆژەی هونەری جێبەجێ بكات بەدڵنیاییەوە كارەسات و مەینەتییەكانی كۆمەڵگای ئێمە هێندە زۆرن رەنگە تاكۆتایی مێژوو بەشی پیرۆز-ی هونەری پێوە مابێت، ئەمە جگە لەوەی كۆنەستی (لاشعور) ی كۆمەڵگەی لەناو ناخی كەپتكراوی هەریەكەماندا دونیایەك خەون و خولیا هەیە رەنگە بەدیدە فرۆیدییەكەی بتوانێت هونەرمەند بەرجەستەی كات.

لەلایەكی تریشەوە گرنگی پرۆژە دەورێكی باڵای دەبێت لەناساندن و بەمەعریفی كردنی كارە هونەرییەكان، لەدونیای هونەردا بەتایبەتی ئەو ئەزمونەی كەرەنگە هونەرمەندەكان لەشارێگەیەكی بەرفراوان و فرە مینبەردا كۆبكاتەوە و دواجاریش هەریەكە لەو كاركردنانە بێتە سەنتەرێكی جیا بۆ تێرامان و ورد بونەوەی هونەرییانەی بینەر.

زۆرجاریش كەباس لەپرۆژەی هونەری دەكرێت، بەداخەوە دەڵێم هونەرمەندانی ئێمە وادەزانن دەبێت پرۆژە تەنها بۆ ئەنفال یان هەڵەبجە یان راپەڕین یان شۆڕش بێت، لەڕاستیدا ئەمە جگە لەهەڵەیەكی مەنهەجی هیچی ترنییە، بەڵكو دەبێت ئێمە لەسەر ئەو بنەمایانە كۆكبین كەپرۆژە دەكرێت جگە لەم بابەتانە بۆ بابەتی جوانكاری و رازاندنەوە و وەزیفە ئیستاتیكییەكان بێت، بەدەر لەبابەت و فۆڕمێكە دیاریكراو.

یەكێك لەو پرۆژانەش كەئێستا هونەرمەندانی كورد لەكوردستان لەهەموو شارو شارۆچكەكان لەكاركردندان تێیدا پرۆژەی هونەری (خۆری رەش)ە بۆ ئەنفال، كەئەم پرۆژەیە هونەرمەند (رێبوار سەعید) سەرپەرشتی دەكات و زیاتر لە (140) هونەرمەند بەجیاوازی فۆرم و ستایل و تەمەن و جوگرافیا و شارەزایی كاری تێیدا دەكەن.

رەنگە پرسیاری دەق لەم پرۆژەدا یان پرسیاری بابەت كە (ئەنفال) ە بەپرۆژەیەك و چەندانی تریش تەواو نەبێت، چونكە (ئەنفال) تازە بوەتە بەشێك لەكلتور و داب و نەریت و مێژووی میللەتێك كەمەحاڵە وابەزویی لەبیرچێتەوە، قسەكردن لەوو بابەتە قسەكردنە لەجیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و رەگەزی نێوان دوومیللەت كەوڵاتێكدا بەزۆر دەژین ناوی (عیراق)ە و وروژاندنی بابەتی ئەنفالیش بەهەمان شێوە قسەكردنە لەجیاوازی رەگەزایەتی نێوان ئەو دوومیللەتەو هەستی ئیبادەكاری میللەتی زۆرینە و لەناوبردنی كەمینە!!

بۆیە ئەم قڕكردنەی ناونرا ئەنفال خاوەنی چەندین سەرگوزشتەی سەیر و چەندین بەیت و چیرۆك و داستانی گەورە كە مەگەر تەنها كورد بتوانێت گوزارشتی لێبكات.

بۆیە بەخشینی ئەم مانایانە بەسەد هونەرمەند و هەریەكە بەفۆڕمێك و فیگەرێك و ستایلێك لە چوارچێوەی تابلۆیەكی ( 40 ) سم گوزارشتی لێبكات رەنگە دورەهەندی هەبێت، یەكەمیان ئازادی

بەخشینی بەگوزارشتی هونەرمەند بۆ ئەوەی لەپانتایی تابلۆیەوە، دووەمیان رەهەندی ئەنفال، کە ئەم جارە ئێمە لە رێگەیەکی ئیستاتیکای هونەرییەوە پرۆژە هونەرییەکەی (رێبوار سەعید) سەنگێکی گەورەی دەدا بەم کارە کەخەریکە دەبێتە نەریت لای هونەرمەندانی کورد.

ئەم دووڕەهەندەی کەباسم کرد رەهەندی تێڕوانینی من بۆ کۆی پرۆژە هونەرییەکە ئەگینا گەر بێت و بکەومە شیکاری تابلۆ و ئیشکردنی هەر یەك لەو هونەرمەندانە، ئەوا بەدڵنیاییەوە پێویستمان بەهەڵوێستەی زیاتر دەبێت و دەرفەتی زیاتریش پێویست دەکات، رەنگە لێرەدا دەرفەتی ئەو کارکردنە ئاسان نەبێت.

بۆ ئەوەی ئەو سروتە گشتییەی کە پرۆژەی (خۆری رەش) لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە پێویستە ئەو هونەرمەندە دەبێت بەشێك لەم ئەزموونە بەفراوانە پێش وەخت ئامادەگییەکی زەهنی و جەستەیی هەبێت، بۆچوونە نێو ئەو دونیایەی کەرووداوەکەی تێدا رویداوە یان کەشی گشتی ئەو دونیایەی کەئەم بابەتانە بەدەوریدا دەجوڵێتەوە.

زاکیرەی هونەرمەند بۆ گەڕانەوەی مێژوویەك کە مرۆڤەکان هەموویان بەهەست و فلْچە و تەکنینکی دەهەیوێت ببێتە بەشێکی چالاکی روداووە بەڵام هێندە نەك لەدونیایەکی مەحسوس و هەست پێکراودا، لێرەوە هەریەك لەکارەکتەرەکانی ئەنفال دەبنە چرکەیەکی هێوایی و هەتاهەتایی کەسوکاریان چاوەڕێی گەڕانەوەیانن، رەنگە ئێستا هەریەك لەو کارەساتانە بوبێتە بەشێك لەبیابان.

هەموو ئەمانە دەبنە مادەی سەرەکی کارکردن لای ئەو هونەرمەندانەی کەبڕیاری داوە لەم پرۆژەیەدا کاربکات، بەڵام لەبیریشمان نەچێت، هەریەکەیان بەرێباز و ستایڵ و گۆشەنیگایەك مەرجیش نییە هەموو گۆشەنیگاکان مەودایەکی قوڵ و مەعریفییان هەبێت، بەڵام ناکرێت کۆی گشتیان لەو تێڕوانینەدا دابڕێت.

سەبارەت بەکارکردنیشیان دەکرێت بەئاسانی لەیەکتر جودا بکرێتەوە، چونکە جۆری تەکنیك و قوڵ بونەوە لەبابەت و ماتریاڵی کارکردنیان جیاوازە، ئەم جیاوازییەش هاوتەریبە، ئەزموون و پرۆژە هونەریەکە دەوڵەمەند تر دەکات، یادەوەری و پاشخانی فکری هونەرمەندیش هۆکارێکە بۆ زیاتر نزیکبونەوەی لەدەقی سەرەکی و ئەو بابەتانەی


دارا حەمەسەعید

کەبوەتەچە ق و سەنتەری ئەم پرۆژە هونەرییەکە، بەبڕوای من تاکەمەرج بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژە هونەرییە رادەی نزیکبوونەوەی هونەرمەندەکان لەدەق و کرۆکی ئەو هۆکارەی کە ئەم پرۆژەیەی بۆ خوڵقاوە و رادەی بەرکەوتنی بەو کارەی کە خۆی یان هاوەڵە شێوەکارەکانی دەیکەن، بەڵام بەدڵنیایشەوە لەبێنی ئەم پرۆژە هونەرییانەشەوە کاری ناجدی و لاواز دەبینین کەئەمە بۆ خۆی

یەکێکە لەئیستاتیکایەکی سەرەکی پڕۆژە هونەری و ڕەنگیشە قورس بێت بەدیار کردنی ئەزموونی کەسێك یان تابلۆی هونەرمەندێك بەلاوازی جیاکردنەوەی لەپڕۆژە هونەرییەکەدا، ئەمە دەبێتە هۆی لێکترازانێکی کۆمەڵایەتی و بەدڵنیایشەوە هەندێ ئاسەوار بەسەر ئەم پڕۆژەیەوە جێ دێلێ ئەمە ش بۆبێتە کەلێنێکی دیاری ئەم پڕۆژەیە.

بۆیە من پێم وایە ئەزموونی تاکەکەسی لەنێو پڕۆژەیەکی وەك ئەنفالدا رۆڵی بەهێزی دەبێت لەدەوڵەمەند کردن و فراوانبوونی ئەم کارە بەشێوازێك پێویستە لەسەر هونەرمەندەکان بەشوێن ماتریاڵی جیاواز و مادەی بەکارهاتووی پڕۆژەیەکی واگەورە جیاواز نەبێت لەهەوڵێکی تاکەکەسی کەدەیەوێت خۆی و فڵچە و بیرۆکەیەك گوزارشت لەم حاڵەتە بکات، بۆیە من لەسەیرکردنێکی تابلۆی هەموو هونەرمەندەکان بینینێکی تایبەتیم لادروست دەبێت کە ئەویش زۆرێك لەو مادانە حسێکی تایبەتی و مەلمەسێکی زبری رەقە کە راستەوخۆ دەمانگەڕێنێتەوە بۆ داستانی ئەو کارەساتەو رەنگ و کەش و تایبەتمەندیەکانی ئەو بارو دۆخەی کەئەم روداوەی تێیدا رویداوە، ئەمە جگە لەئاوێزان بوونی رەنگی دەرگاو پەنجەرە و خۆڵی گەرمیان لەم دیدەشەوە وای بۆ دەچم ئەوە ببێتە یاریدەرێکی باش بۆ ئەوەی بینەری ئێمە جارێکی تر زاکیرەی بچێتەوە بۆ شوێنی روداوە و کارەساتەکە ئائەمەیە گەورەیی ئەم پڕۆژەیەی کە دەکرێت ببێتە ناسنامەیەکی ئیستاتیکی و هونەری کە هونەرمەندانی کورد بەستایڵی تایبەتی خۆیان گوزارشتی لێدەکەن و هەریەکە و هونەرەمەندە بەشداربوانەش دەیانەوێت بەماددەی تایبەتی بەو بینینەی خۆی بۆ ئەنفال فەنتازیایەك بخولقێنێ کە زادەی هەست و جیهانبینی ئەوە بۆ ئەنفال، خاڵێکی تریش زیاد دەکەم بۆ ئەوەی قسە لەتەکنیکی هونەری هونەرمەندەکان بکەم ئەویش دەبینین زۆریان رەگەزی فیگەریان بەکارهێناوە دیارە ئەمەش پەیوەندی بەجۆرێك لەبیرکردنەوەی هونەرمەند و تێڕوانینی بۆ بابەتی گشتی تابلۆکەی و بۆ ئەوەی هەیمەنەی بابەتی تابلۆکە بکات و بەئاسانی زاڵ بێت بەسەر ئەو بابەتەی کە هەڵی بژاردووە کاری لەسەر بکات بەتایبەتیش دیاردەی ئیشکردن لەو موفرەدانەی گە لەگەرمیان لەلایەن هاوڵاتیانەوە رۆژانە بەکارهاتووە مادەی سەرەکی زۆرێك لەتابلۆی ئەم پڕۆژە هونەرییە.

ئەم پەڕەگرافە بەهەل دەزانم چەند قسەیەك لەسەر ئیسلوبی کارکردن لەم جۆرە پڕۆژانەدا بدوێم بەتایبەتیش لەهەڵبژاردنی ئازادانەی هونەرمەند بۆ ئەوەی بە چ فۆڕمێك مەبەستە هونەرییەکەی بگەیەنێت لەم حاڵەتەدا من پێم وایە ئەسلوب و ستایلەکە جۆرێك لە (ئەبستراکت–تەجریدی) ە کەمتر دەتوانێت لەرۆحی گەوهەری لەبابەتەکە بدات لەزەهنی بینەری کورددا چونکە تێگەیشتن لەبابەتی (ئەبستراکت) لەلای، بینەری عامی ئێمەدا کەمێك قورسە و ئەم جۆرە پڕۆژانەش بۆ ئەو فیئە تایبەتەیەکە دەیانەوێت لەبوعدێکی هونەرییەوە ئەنفال ببینن..

بەڵام لەهەمان کاتیشدا جۆری ستایلی کارکردن لەمپەر و کۆسپ نییە لەبەردەم داهێنانی هونەریدا، لەم حاڵەتەشدازۆر جار گرفتی جۆراو جۆر لەکارکردنی هونەرمەندەکاندا هەیە، دیارترینشیان کە ئەو هونەرمەندانەن هەوڵیان داوە بۆ ئەنفال بەئیشێکی (نا ئەبستراکت) کاربکەن دەبینن هەندێ لەو هونەرمەندانە سەرکەوتوو نەبوون لەتەوزیف کردنی موفرەداتی ئەنفال ئەمەش پەیوەست نییە بەهێڵی گشتی پڕۆژە هونەرییەکە ئەوەندەی پەیوەستە بە ئەزموونی تاکەکەسی و هۆشیاری هونەرمەند لەبەرامبەر خاڵی سەرنەکەوتنیش لەم

کارکردنە بەفیگەرەکان بۆ جۆرێك لە زیادەڕۆیی و (تەسەنوع) لەو بابەتانەی ئەنفالدا دێت کە هەندێ لەهونەرمەندەکان ویستویانە دیدێکی ناواقیعی و زیادەڕۆیی ببەخشنە روداوی کارەساتەکە ئەمەش بەپلەی یەکەم دەدات لەرۆحی دەق و دواجاریش لاوازکردنی پڕۆژەکە.

دیارە کە ئێمە باس لەزیاد رۆیی دەکەین ئەوا مەبەستمانە باس لەو فیگەرە ئیستاتیکیانە بکەین کە لەناوزهنی هونەرمەندا لەدایك دەبێت، ئەگینا باسکردن لەنەهامەتییەکانی ئەنفال پێم وایە بەچەندان کتێب هێشتا کورتی هێناوە و ماویەتی سێی بەدیبێت، بۆیە لەم حاڵەتەشدا هونەرمەندی بەسەلیقە لەوەرگرتنی ئەو ئازادییەی لەکارکردن یەکەم شت دوای کەرەستە ماتڕیالییەکان پشتی پێ ببەستێت زاکیرەو یادەوەری خۆیەتی، ئەو یادەوەرییەی کەرەنگە پانزە ساڵ بێت بەهۆکاری جۆراو جۆر(بینراو، بیستراو، نوسراو) گوزارشت لەم


نەرمین مستەفا

کارەساتە دەکرێت، هونەرمەندی هۆشیار گەر یادەوەری ئازاد کات ئەوا پێم وایە دەتوانێت فیگەرە نەستیەکانی ناو یادەوەری ببێتە فیگەرێکی زۆر چالاکی تابلۆکەی لەوێشەوە پڕۆژە هونەرییەکەی پێ دەوڵەمەند کات و چۆن بتوانێت زەفەر بە فیگەرە ساتەوەختیانەی ناخی خۆی بەرێت و لەسەر تابلۆیەك بەرجەستەی کات ئەوسا دەبێتە هەوێنی سەرکەوتنێکی ئەم پڕۆژەیە کەمن وەك خۆم پڕۆژەی (خۆری رەش) بەیەکێك لە هەوڵە ناوازەکانی دونیای شێوەکاری کوردی ناودەبەم بەڵام ئەوەی سەرنجی منە لەم بەشەدا دەبوایە جیاوازی بکرایە لەبەرهەم و تابلۆی هونەرمەندەکان دا و فلتەرێك هەبایە بۆ جیاکردنەوەی تابلۆکان، چونکە لەم پڕۆژەیەدا بە دڵنیاییەوە دەڵێم چاك و خراپ تێکەڵاو بووە و پێکەوە ون دەبێت یان رەنگە تیشکی گەورە و فراوانی دەکەوێتە سەر و بەهەمان شێوەی ئەو کەسەی کە بەکاڵ و کرچی مامەڵەی لەگەڵ بابەت و دەقەکەدا کردوە.

ئەمە جگە لەوەی هەندێ لەهونەرمەندان تەنها وەك ناوێك و قەرەباڵغییەك حەزبکەن لەم پڕۆژیەدا بەشدار بن تا رەنگە بۆخۆی (رێبوار سەعید) ناوێکی دیاری دونیای شێوەکاری بێت و رەخنەی شێوەکاریش بەپێی داهێنانی خۆی زۆر ئەم هونەرمەندەی بەسەر کردبێتەوە، بۆیە هەیە حەز دەکات ئەم هەلە بقۆزێتەوە و بەشداری ئەم پڕۆژەیە هونەرییە بکات، جیا لەوەی کەدەبێت هونەرمەند خۆی هەستێکی (نەتەوەیی– هونەری) پاڵنەری بۆ ئەم کارە هەیە. چونکە گەر کاری تر تەنها مەبەستە هونەرییەکەبێت ئەوا ئەم پڕۆژەیە هەستێکی نەتەوەیی پ اڵنەرێکی زۆربەهێزیەتی.

خاڵێکی تریش لەم جۆرە پڕۆژانەدا لەگەڵ ئەوەی خۆی هەوڵێکی ناوازەیە لەدونیای شێوەکاریماندا بەڵام بەداخەوە موجامەلە و

موجامەلەکاری تێدەکەوێت و زۆر جاریش ئەزموونەکان هێندەی گەورەیی پڕۆژەکە نین، گەر ئێمە وابزانین بەم کارە گەیشتووینەتە ماناکانی ئەنفال ئەوا بەدڵنیاییەوە هەڵەیەکی مەنهەجییە چونکە کارەساتە کە زۆر لەمە گەورەترە، بەڵام رەنگە نەگوناهی رێبوار سەعیدو نەگوناهی کەس بێت، هێندەی ئەوەی رەنگە ئەمە رووی ناشرینی هونەری ئێمە بێت کە راستگۆنین لەمامەڵەی رۆژانەو هونەرییاندا.

گەر بێینەسەر یادەوەری و بینینی هونەری هونەرمەند بۆ ئەم پڕۆژانە وەك وتمان ئەم کارانە بەرهەمێکی خەیاڵدانی هونەری هونەرمەندە و هەموو پڕۆژەکەش کە کارمان تێیدا کردووە لەیادەوەری و زهنماندا لەدایك بووە، رەنگە ئەمە زۆر جیاواز بێت لەو واقعەی کە تائێستاش لەدوای ئەو کارەساتەوە بەجێماوە، کاتێك بینیمان دوا پڕۆسەی ئازادی عیراق چەندان گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالەکان لەباشور و خوارووی عیراق دۆزرایەوە، ئەو وێنانەی کەلە (TV) یەکاندا بینیمان کەوێنەی کەللەسەر و کەرەستەو شەرواڵ و مەمکەمژەی منداڵ و سەعات هتد وێنەیەکی خەتەرناکی ئەو کارەساتە بوو لەوەی کەبەوێنەی گوزارشتی لەو حاڵەتە بکرێت ئەو واقعە بەسەر کورددا هات لەئەنفالدا کە ئێمە تەنها پاشماوەکەیمان بینی زۆر جیاواز ترە لەگوزارشتێکی هونەری بۆیە ئەم پڕۆژەیە لەگەڵ وەزیفەی ئیستاتیکیدا وەزیفەیەکی تۆماریشی دەبێت و نەوە دوای نەوەی هونەریی ئەم کارەساتە تۆمار دەکات و زاکیرەی هەموو نەوەیەك پڕ دەکات




لەوێنە غەمگین و ناشرینەکانی ئەنفال، ئەم تۆمارکردنەش بۆ نەوەکانی داهاتوو هەرگیز وەك ئەوە نییە کەئێمەی ئەو نەوەیە یان پێشتر لەنێو ڕوداو و کارەساتەکاندا بوین، بەدڵنیاییشەوە هەرگیز یادەوەری ئەم دوو نەوەیە بەراورد ناکرێت.

سەبارەت بەماناو گوزارشتی هونەریی هونەرمەندیش هەندێ هونەرمەند لەم پڕۆژەیەداو لەنێو تابلۆکەی خۆیدا بۆ گوزارشتی هونەری بەرەنگ پەنای بردۆتەوە بەر رەنگە گەرم و داخراوەکان و هەندێ لەکارەکان لەوگوزاشتکارییە پەنا براوەتە بەر رەنگی خۆڵەمێشی بۆ گوزاشت کردن لەحاڵەتی سوتان و هەڵپڕۆسکان و لەناو بردن کەئەمەش هۆکارێکی بەهێزە بۆ گێڕانەوەی ئەو جەهەننەمە بۆ کەسانێك کەماناکانی لەزیهندا جۆراو جۆرە و رەنگە ئەو بینەرە هۆشیارەش کەم بێت کە بتوانێت شفرەو نهێنی و تەکنیکی کۆمەڵێك هونەرمەند لەپڕۆژەیەکی وا هونەریدا کەشف کات.

لەم حاڵەتەشدا پێویستە هونەرمەندانی ئەم پرۆژەیە یارمەتی دەری بینەرەکەیان بن بۆ گەیاندنی چیرۆکە هەواڵی نێو پرۆژەکە ئەویش لەدانان و ڕێکخستنی ئەو تابلۆیاندا حاڵەتێکی وای بدرێتیٚ کە تەنسیف هەبێت چ لەنێو تابلۆیەك بۆ یەکێکی تر چ لەپەیوەندی رنگ و فۆڕم و تەکنیکی تابلۆ ریزکراوەکان، ئەم حاڵەتەش بەپلەی یەکەم پەیوەستە بەهونەرمەند (ڕێبوار سەعید) و پێویستە بەو ئەرکە هەڵسێت و جێگەی خۆشیەتی دەست خۆشی ئەم کارەی لێبکرێت، بەتایبەتی لەهەڵبژاردنی(کۆمەڵێك) ی زۆر لەهونەرمەندانی کوردستان لەهەموو ش ر و شارۆچکەیەکەوە کە ئەمەش دیسانەوە ناسنامەی هونەریی ئەم پرۆژەیە فراوان و گەورەتر دەکات.

هەرچەندە هونەرمەند لەکارکردندا هەوڵی داوە پەنا بەرێتە بەر ماتریاڵە جیاوازەکان، ئەمەش خۆی لەخۆیدا چەمك و مەفهومێکی نویٚ بەو کالا هونەرییە دەبەخشێت، رەنگە پەنابردنە بەر کاری فۆتۆگرافی یان ئەزموونی کۆمپیوتەری کە بەشێوازێك لەگەڵ زمانی سەردەمدا بگونجێت و هەوڵی مانەوەی روخسارەکان بدات و لەفەوتان رزگاری بکات دیارە ئەمەش بەپلەی یەك ئەزموونی هونەرمەندی جدی دەردەخات لەمامەڵەکردن لەتەك ئەو ماددەیەی کە بۆ ئەم پرۆژە هونەرییە کاری لەسەردەکات، ئەمە جگە لەوەی بابەتی کارکردنیش دەبێتە هۆکار بۆ خۆشەویستی هونەرمەند بۆ ئەوبابەتەی کە هەڵیبژاردووە کاری لەسەر بکات و دوا جار هەردووکیان دەبنە دوانەیەکی بەهێزی مەبەستە هونەرییەکەی پشت پرۆژەکەی سەرجەم تابلۆکان لەلایەن هونەرمەندە شێوەکارەکانەوە دیسانەوە، چۆنێتی دانان و تەنسقی ئەو تابلۆیانە لەو پێشانگایەدا بەبڕوای من دەبێتە خاڵێکی بەهێزی سەرکەوتنی ئەم پروژەیەی ئەنفال، چونکە بڕیارە ئەم پێشانگە هاوبەشە و ئەم پرۆژەیە جگە لەسلێمانی لەچەند شارێکی کوردستان پێشکەش کرێت رەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ هارمۆنیەت و کۆنتراسی ئەو رەنگانەی کە هونەرمەندەکان بەجیاوازی روئیاو بۆچوونەوە کاریان لەسەر کردووە، ئەم خاڵە دەچێتە چوارچێوەی ڕێکخستن و بەها ئیستاتیکیەکانی ئەم پرۆژەیە، هەموو ئەمانە نوسین و سەرنجی من بوو لەسەر ئەو هەوڵەی (ڕێبوار سەعید) بەهیوای ئەوەی لەدوای خۆیدا قسەو باسی تر بهێنێت.



# کێشەی ئەنفال لەسێکتۆری کولتوریدا

**گۆران بابا عەلی**

## کارەساتی ئەنفال

هەرچەندە لەمێژبوو خەڵکی شار و لادێکانی کوردستان چاوەڕوانی هەموو شتێکیان لە رژێمی بەعس دەکرد، راهاتبوون لەگەڵ ئەوەی لەترسێکی بەردەوامدا بژین و ئاشنابوون بە مەترسیەکانی هەرجۆرە بەشدارییەک لە بەرەنگاری درێژخایەنی کورد و سیاسەتی دژ بە بەعسدا، هەروەها خەڵکی ئەو لادێیانەی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرەنگاری چەکدارانە و پارت و لایەنە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنیەکاندا دەژیان خۆیان گونجاندبوو لەگەڵ ئەو ژیانە سەخت و پڕمەترسیەدا کە دەرەنجامی ژیانیان لەو ناوچانەداو ناوزەدکردنیان بەهەوادارانی بەرەنگاری بوو، چاوەڕوانی تۆڵەلێکردنەوەو بۆمباران و راگواستنیان لە رژێم دەکرد، بەڵام رۆژێک لەرۆژان مامەڵەی دڕندانەی بەعس لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کورد و خەڵکی بێتاوانی کورد گەیشتە لوتکە و شتێک روویدا هەرچەندە چاوەڕوانکراویش بووبێت، هێندە هەژێنەربوو ساڵەها دوای ئەوەش هێشتا ناوبردن و وەبیرهاتنەوەی دەبێتە مایەی راچەنین و حەپەسان. ئەو رووداوەش ئەنفال بوو.

رۆژی بیستونۆی ئەپریلی ساڵی 1987 سەدام حسێن، سەرەک کۆماری ئەوکاتەی عێراق، بڕیاری ژمارە 120 ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئیمزاکرد کە عەلی حەسەن ئەلمەجیدی ئامۆزای، لەوکاتەوە ناسراو بە عەلی کیمیایی، کردە سەرکردەی نوسینگەی باکوری پارتی بەعس و فەرماندەی هەموو دەستگا سەربازی و ئەمنی و مەدەنیەکان لە هەموو باکوری عێراق و کوردستان، دەسەڵاتێکی رەهای نادیاریکراو لەوێنەی دەسەڵاتی سەدام حسێن خۆی لەسەر ئاستی هەموو عێراق. ئەلمەجید بەهیچ جۆرێک درێغی نەکرد لە بەکارهێنانی دەسەڵاتە سەرتاسەریەکەی. ئەرکی سەرشانی ئەو ریشەکێشکردنی تەواوی بەرەنگاری و وێرانکردنی ژێرخانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بوو. بەڕای ئەو، وە بەڕای سەدام و زۆربەی سەرانی تری بەعسیش، تەنها رێگا بۆ ئەمە، جگە لە لێدانی بێبەزەییانەی پێشمەرگە و چەکداران، وێرانکردنی هەموو ئەو دێهات و ناوچانە بوو کە بنچینەی بەرەنگاری و شۆڕش بوون و بنکەکانی پێشمەرگە و لایەنە سیاسیەکانیان گرتبووەخۆ؛ سەرنگونکردنی هەموو ئەو جوتیار و لادێییانەی ئەوانەیان داڵدەدەدا و خۆشیان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداری بەرەنگارییان دەکرد؛ تاڵانکردن و لەناوبردنی هەموو ئاژەڵ و مەڕوماڵات و بنەبڕکردنی هەموو بەروبومێکی ئاژەڵی و کشتوکاڵی و ئاو و کانیاوەکان




بەمەبەستی بنبڕکردنی سەرچاوەی ژیاری پێشمەرگە و پارتیزانەکان بۆ هەتاهەتایە.

پلانی ئەلمەجید بۆ جێبەجێکردنی مەئموریەتەکەی زنجیرەیەک هێرشی سەربازی بوو بۆ سەر ئەو ناوچانە، هاوشانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژ و تەکنیکی تری جێنۆسایدیانە بۆ لەناوبردنی بەکۆمەڵ. ئەم هێرشانە، کە بە هەشت قۆناغی جیاواز لە شەش ناوچەی جیاوازدا لەدەوروبەری شارە گەورەکانی کوردستاندا (سلێمانی و کەرکوک و کەلار و هەولێر و دهۆک) لەنێوان بیستوسێی فێبریوەری و شەشی سێپتەمبەری ساڵی 1988 دا ئەنجامدران، بە بەیانی رەسمی لەژێر ناوی ئەنفالدا، وەرگیراو لە سورەتی هەشتەمی قورئان بەهەمان ناوەوە، راگەیەنرا و بەهەمانشێوەش وەک راگەیاندنی سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر یاخیبوونی کوردا کۆتایی پێهێنرا.

هەرچەندە هێشتا بەدڵنیایی ژمارەی تەواوی قوربانیەکانی ئەنفال نەزانراوە، بەڵام ئەم ژمارەیە لە پەنجاهەزار کەمتر نییە و رەنگە لە سەدهەزاریش زیاتر بێت. هەروەها هەزارانیش ئاوارە و دەربەدەر، بێ دایک و باوک و بێوەژن و بێکەسوکار کران. ئەم ژمارانە هەرچەندێک بێت هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت کە ئەنفال کردەیەکی جێنۆسایدیە لەلایەن دەوڵەتێکەوە دژی بەشێک لە میللەتێکی ناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە ئەنجامدراوە، بەمەبەستی زیانگەیاندنی جەستەیی و دەرونی و ماددی بەو میللەتە و لەناوبردنی کۆمەڵێکی زۆر ژن و پیاو و منداڵ، کە زۆربەی هەرە زۆریان بێچەک بوون و بەهیچ شێوەیەک بەشدارنەبوون لە هیچ رووبەڕووبوونەوەیەکی چەکدارانە لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزی ئەو دەوڵەتە و تەنها گوناهیان ئەوەبووە لەو ناوچانەدا ژیاون کە پێشوەخت لەلایەن دەوڵەتەوە بە ناوچەی قەدەغەکراو ناوبراون. ئەو ناوچانەش لە زۆر دێرینەوە جێگای ژیانی ئەو خەڵکە بووە. هەموو ئەمانە وادەکەن ئەنفال بەیەکێک لەتاوانەکانی جێنۆسایدی سەدەی بیستەم لەقەڵەم بدرێت.

## ئەنفال و رەنگدانەوەی لە کولتووردا

جێنۆساید روداوێکە بەڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگا دەهەژێنێت و زۆربەی لایەنەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. جگە لە ژمارەیەکی زۆر قوربانی و دروستکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی، ئەم رووداوە کاریگەریەکی گەورەش لە کولتوور و بوارە کولتوریەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا بەجێدەهێڵێت. ئەنفالیش وەک حاڵەتێکی جێنۆساید چەندان کێشەی کۆمەڵایەتی و کولتووری بۆ قوربانیە رزگاربووەکان و کەسوکاری قوربانیان خوڵقاندووە. گەر هەر وەک نمونە تەنها یەک کێشەی کولتووری باسبکەین خوێندنی منداڵانی ئەنفال و ئەنفالکراوانی منداڵە. ئەمانە بەڕادەیەکی زۆر، زۆر زیاتر لە هەژاران و کەمدەرامەتانی تر بەگشتی، لە خوێندن بێبەش یان دواکەوتوون. ئەمە جگە لە لایەنی کەمی

بەشداریکردنی چالاکانەی قوربانیانی ئەنفال لە بوارە کولتوریەکانی تردا. بێگومان زەرەرمەندانی سەرەکی هەر خودی قوربانیانن، بەڵام ئەو زیانانەی حاڵەتێکی جێنۆساید لە لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەدات کەمگرنگیتر نین، بەتایبەتی لە حاڵەتێکدا کە بۆنمونە ئەو زیان و کاریگەریانەی کارەساتێکی جێنۆسایدیانەی وەک ئەنفال لە بوارە کولتوریەکانی کۆمەڵگای کوردیدا دەیبێت، دواجار راستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ جارێکی دی کاریگەری و رەنگە زیانی گەورەشی بۆ قوربانیانی ئەنفال هەبێت.

یەکێک لەو لایەنانەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری رووداوی جێنۆسایدەوە هونەرە. وەک هەر کەسێکی دی هونەرمەندانیش ئاگاداری ئەو رووداوانە دەبن و بەردەوام دەربارەی دەبیستن و دەبینن و دەئاخفن. شتێکی سروشتیە کە ئەوان جگە لە ئاخافتن دەربارەی هەوڵدەدەن لەڕێگای





هونەرەکەشیانەوە تەعبیری لێبکەن. ئەم تەعبیرکردنەش دەشێت بەشێوەیەکی زۆر سەبجێکتیڤانە (ذاتی) بێت، بۆنمونە لەلایەن هونەرمەندێکەوە کە رەنگە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە کارەساتەکەوە هەبێت یان تەنانەت خۆی قوربانیەکی حاڵەتەکە بێت، یاخود دەربڕین و کارکردنێکی بابەتیانە بێت، بۆنمونە لەلایەن هونەرمەندێکەوە کە حاڵەتەکە تەنها لەدەرەوەڕا و لەدوورەوەڕا دەناسێت. دەشێت وەک حاڵەتێکی دەرونی و دەربڕینی تورەیی و خەم بێت، یان وەک هەستکردن بە جۆرێک لە لێپرسراوێتی و وەرگرتنی هەڵوێست، جا هەڵوێستێکی سیاسیانە بێت یان رۆشنبیرانە. هەروەها ئەو زەرورەتی تەعبیرکردنەش دەشێت لە ناخ و دەرونەوە بێت و تەنانەت زادەی ساتێک یان حاڵەتێکی زۆر تاکەکەسی بێت، وەیان هەر تەنها بۆ بەشداریکردن بێت لە پرۆژەیەکدا، بۆنمونە لەکاتی یادکردنەوەکاندا، جا ئەو بەشداریکردنە بۆ هەر مەرامێک و بە هەر هەستێکەوە بێت.

زۆر لە هونەرمەندانی کورد لەپێش رووداني ئەنفالیشەوە، بەڵکو هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی و ناشیۆنالیزمیشەوە هەمیشە لە بوارە جیاجیاکانی هونەردا تەعبیریان لەو هەستە و لە کێشە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووریەکانی کورد کردووە، ئەو کێشانەی بەڕادەیەکی زۆر دەرەنجامی کوردبوونن. لەمەشدا هونەرمەندان یان راستەوخۆ و لەچوارچێوەی جۆرێک لە هونەری بەرگریدا، بەتایبەتی لە شاخ و لەپاڵ پێشمەرگایەتی و کارای حیزبیدا یان لە راگەیاندنی پارتە سیاسیەکاندا، کاریان کردووە یاخود ناڕاستەوخۆ و بەجۆرێک لە سیمبۆلیزم و شاراوەیی و ژێرپەردەیی تەعبیریان لە کێشە نەتەوایەتیەکان و رووداو و کارەساتەکان

کردووە. زۆرجاران هونەرمەندان بەهۆی ئەمانەوە روبەڕووی کێشە و گیروگرفت لەگەڵ رژێمدا و بەڵکو گرتن و ئەشکەنجەدان و لەناوبردنیش بوونەتەوە.

لەسەردەمی ئەنفال و دوو ساڵ دوای ئەنفالدا - کە هەرچەندە ماوەیەکی کورتیش بوو بەڵام رەنگە بشێت لە مێژووی سیاسی کوردا و لە ڕوانگەی کاریگەریە کۆمەڵایەتی و کولتوورەکانیەوە لەسەر کۆمەڵگای کوردی بە قۆناغی "پۆست-ئەنفال" ناویبەرین- ئاماژەکردن بە کارەساتی ئەنفال و بگرە هەر بابەتێکی تری نەتەوایەتی و کوردی کارێکی لەڕادەبەدەر زەحمەت و پڕمەترسی بوو، مەگەر لەژێر سانسۆرێکی بەهێزدا یان زۆر بەناڕونوئاشکرایی و بەشێوازی تەعبیریانەی ناڕاستەوخۆ و زمانێکی سیمبۆڵیکی ئەوتۆ کە دواجار هونەرمەند بتوانێت لەڕێگای تەفسیرێکی پێچەوانە و "پرۆ-رژێم"ەوە خۆی لە مەترسی گرتن و لەناوبردن لابدات.

لەدوای راپەڕینەوە ئیدی چەندان کاری هونەری تاکەکەسی و گروهی دەربارەی ئەنفال و هەڵەبجە بەدوای یەکدا رێچکەیان کرد. لەوکاتەوە ئیدی ساڵانە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە و چەند ساڵێکیشە یادی ئەنفال دەکرێتەوە. هەرچەندە ئەمانە، لەپاڵ کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریە هەرگیز کۆتاییپێنەهاتووەکانی رزگاربووان و کەسوکاری قوربانیاندا، تارادەیەکی زۆر کاریگەرییان لەوەدا هەبووە ئەم کارەساتانە دوای حەڤدە ساڵیش هێشتا بە زیندویی بمێننەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە هێشتاش نەیانتوانیوە روخسارێکی وەها بدەنە ئەنفال کە وەک کارەساتێکی مرۆیی بمانهەژێنێت و گەورەیی و قەوارەی کارەساتەکەمان بەبیربهێنێتەوە. وە لەوەش گرنگتر بیکاتە سیمبۆڵی غەدرکردن لە نەتەوەیەک. ئەمە ئیشکالیەتێکە بە رادەی یەکەم سێکتۆری کولتوری خۆی بەرپرسیارە لێی و بە رادەی دووەم سیاسەت و ئەو پارتە سیاسیانەی یادکردنەوەکان و کارکردن بۆ قوربانیانی ئەنفال بەڕادەیەکی زۆر وەک پروپاگەندەی سیاسی- حیزبی و راکێشانی رای گشتی بەلای خۆیاندا بەکاردەهێنن. لەڕاستیدا ئەنفال هێشتا نەبۆتە مەسەلەیەکی مرۆیی نەتەوەیی ئەوتۆ کە کورد وەک نەتەوە بتوانێت لە یاری و هاوکێشە سیاسیە ناودەوڵەتی و نێودەوڵەتیەکاندا سودی لێوەرگرێت. لایەنی کەم ئەنفال نەبۆتە ناوێک یان سیمبۆڵێک لەدەرەوەی کورد و کۆمەڵگای کوردی خۆیدا کەسێکی تر راچەنێت، هەروەک بۆنمونە هۆڵەکۆست ئەو کاریگەریەی هەیە.

هونەر گەر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کارەساتێکی گەورەی وەک ئەنفالدا نەکات، ئەوا لەجیاتی سودپێگەیاندنی زیانی پێدەگەیەنێت و لایەنی کەم سوکایەتی بە رووداوەکە دەکات. دەبێت سێکتۆری کولتوری لە کۆمەڵگای کوردیدا لەخۆی بپرسێت ئاخۆ کارکردنی زیاد لەپێویست لەسەر ئەنفال و دوپاتکردنەوەی بەردەوامی یاد و پرۆژە هونەریەکان لەخزمەتی ئەنفال وەک کێشەیەکی نەتەوایەتیدایە یاخود زیانی پێدەگەیەنێت. گەر یادکردنەوەی لەڕادەبەدەر و پرۆژە هونەریەکان بوونە هۆی ئەوەی کەسان لەگەڵ بیستن یان بینینی هەر پرۆژە و بەرهەمێکی هونەریدا بڵێن: "ئۆهۆ، ئەنفال نەبڕایەوە؟" ئەوا بووەتە هۆی سوککردنی مەسەلەکە. چونکە کاتێک بەرهەمەکان و پرۆژەکان یەکجار زیادبوون، بێ بوونی لێکۆڵینەوەی زانستی هاوشانی ئەوە بۆ چەسپاندنی لایەنە جیاوازەکانی رووداوەکە بەشێوەیەکی تارادەیەک راستیئامێز و خاڵیکردنەوەی لە

ئەفسانە و ئەفسانەسازی، ئەوا بەرهەمی یەکجار زۆر لاوازیش پەیدادەبن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دووپاتکردنەوەی بیرۆکە سواوەکان دەبن و بەهۆی نەبوونی رۆحیەتی داهێنەرانە و توانای تەعبیرکردن لە تراژیدیای ئەنفال، لە ئاستی تراژیدیانەی رووداوەکە دادەبەزێنن.

کاری هونەری لەلایەنێکی تریشەوە دەتوانێت زیان بە ئەنفال وەک مەسەلە بگەیەنێت. هونەرمەند بەشێوەیەکی گشتی بەرپرسیار نییە بەرامبەر واقیع و ناچارنییە بە لاساییکردنەوەی واقیع و وێنەکردنەوەی وەک خۆی. هونەرمەند کەسێکی ئازادە، مەگەر لە سایەی رژێمێکی تۆتالیتێر یان وەک بەشێک لە ئۆرگانی حیزبێک و لە بواری راگەیاندن یان لە ئامێری پڕوپاگەندەی حیزبدا کاربکات، ئەگەرنا ئازادە چۆن تەعبیر لە رواداوێک یان حاڵەتێک بکات. پاشان ئەو بەپێچەوانەی لێکۆڵەرەوەیەک یان رۆژنامەنوسێکەوە ناچارنییە بە توێژینەوە لە حاڵەت و دیاردە و روداوەکان، مەگەر خۆی بیەوێت و ئیلهامێکی تایبەتی هەبێت بۆ ئەو بابەتە. هەربۆیەش کاتێک هونەرمەندان ئەنفال دەکەنە بابەتی کاری هونەرییان، مەترسی ئەوە هەیە زۆر لە بیروڕا و قسە و باسە ناهەڵسەنگێنراوەکان دووبارەبەرهەمبهێننەوە و بەشداریەکی چالاکانە بکەن لە ئەفسانەسازیدا لە دەوری ئەم کارەساتە.

کارکردنی زۆر لەسەر ئەنفال لەدەرەوەی قوربانیان جۆرێک لە نامۆبوون لەلای قوربانیان درووستدەکات بەرامبەر ئەنفال وەک روداو، وەک کارەساتێک تیایدا قوربانیەکان خۆیان لە سەنتەردابن. زۆر لە قوربانیان بەهایەکی ئەوتۆ بۆ بۆنە و یادکردنەوەکانی ئەنفال دانانێن، چ جای ئەوەی خۆیان لە هونەر و کاری هونەریدا دەربارەی ئەنفال بناسنەوە. کەمدەرامەتی و خراپی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ناهاوسەنگی دەرونی و نالەباری ژیانی زۆربەی زۆری قوربانیانی ئەنفال و هەستکردنیان بە ناعەدالەتی لەڕادەی ئەو





نامۆبوونە زیاددەکات. ڕەنگە تەنها کاتێک یادکردنەوە و پرۆژەیەکی هونەری تایبەت بە ئەنفال لای ئەوان مانای هەبێت، کە کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان بەڕادەیەکی زۆر چارەسەربکرێت و هەستکردن بە عەدالەتیان بۆ بگێڕدرێتەوە و لەهەمووی گرنگتر هەستکردن بەوەی وەک قوربانی کارەساتێکی مرۆیی هەژێنەر ڕێزیان لێدەگرێت نەک سوکایەتیان پێبکرێت.

ئەوەی دەبێتە مایەی سوکایەتیپێکردن و هەستکردن بە ناعەدالەتی ئەوەیە لەکاتێکدا ئەوان دەبێت دەست لە سیاسەت و حکومەت پانبکەنەوە بۆ چاککردنی باری ئابوری و کۆمەڵایەتیان و بەشێکی گەورەی ژیانی ڕۆژانەیان سکاڵا و نزایە، لەهەمانکاتدا ئەو کارەساتەی ئەوانی خستۆتە ئەو حاڵەتەوە لە چەندان لایەنەوە بووەتە سەرچاوەی دەرامەت و دەستکەوتی کەسانی دی.

### پیشەسازی ئەنفال

جگە لەوەی کێشەی ئەنفالکراوان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بووەتە جۆرێک لە کاری حیزبایەتی و تەنانەت تاڕادەی بەکارهێنانی وەک ڕێکلامی سیاسی بۆ حیزب، ئەنفال وەک بابەت لە مەترسی ئەوەشدایە ببێتە جۆرێک لە پێشەسازی و بازرگانی. هێندە یاد و بۆنەکان و پرۆژەی هونەری و کولتوری تر دەربارەی کارەساتی ئەنفال زۆرە کە زۆرجاران پارەیەکی زۆری تێدا خەرجدەکرێت. لەم پرۆژانەدا چەندان کەس کاردەکەن و دەستکەوتیان تێدا هەیە. هەر لە ڕێکخستنی یاد و بۆنەکان و مەسرەفی هاتوچۆ و کارکردن لە ئامادەکردنی هۆڵ و مەیدان و تریبیون و جێگای دانیشتن و پاککردنەوەی ئەم جێگایانە یان هەڵوەشاندنەوەیان دوای تەواوبوون، تا ئەو کاروبارانەی بۆ ئامادەکردنی چالاکیە کولتوری و هونەریەکان دەکرێت و ئەو کەرەسە و پێداویستیانەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو چالاکیانە فەراهەمدەکرێت. لەپاڵ ئەمانەشدا دەتوانین هەموو ئەو جۆرە بەرهەمهێنانانەی تریش بژمێرین کە پەیوەندیان بەم کارەساتەوە هەیە، بۆنمونە ئەو لافیتانەی لەیادەکاندا دەنوسرێن و ئەو پرینتانەی لەسەر تیشێرت دەکرێن و ئەو پۆستەرانەی بۆ یادەکان و ڕاگەیاندنی پرۆژە هونەریەکان دەکرێن و زۆر شتی تر.

تەنانەت پرۆژەیەکی هونەریش بەڕادەیەک پرۆژەیەکی بازرگانی و پیشەسازیانەیە. ئەمە تاڕادەیەکی زۆر دەرەنجامێکی سروشتیی بەرهەمهێنانی هونەریە، بەتایبەتی گەر کارێکی بەکۆمەڵ بێت. گەر لەڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای هونەرەوە لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری بڕوانین ئەوا هیچ بەرهەمێکی هونەری هەر تەنها کارێکی پوخت تاکەکەسی نییە، تەنانەت هێڵکاریەکی سادەش لەسەر پارچە کاغەزێکی پچووک، گەر ئەوە ڕەچاوبکەین کە ئەو پێنوس و کاغەزەی هونەرمەندەکە بەکاریاندەهێنێت بەرهەمی دەستی چەندان کەسی ترن. هەروەها لە کڕین و فرۆشتن و گواستنەوە و هاتوچوپێکردنی ئەو کەلوپەلانەدا چەندان کەسی تر بەشداربوون.

گەر پرۆژەی 'خۆری ڕەشپۆش' وەک نمونە وەربگرین ئەوا هەر لە کڕین و بڕینەوەی تەختە چل بە چلەکانەوە تا گواستنەوە و دابەشکردنیان بەسەر هونەرمەنداندا و هەر لە کارکردن لەسەریان لەلایەن هونەرمەندانەوە و وەرگرتنی حەقدەستێکەوە لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤەوە کە بە ئەرکی مەسرەفکردنی پرۆژەکە هەستابوو تا ئەو کەرەسانەی هونەرمەندەکان

کاریانپێکردووە کە لەلایەن کەسانی ترەوە بەرهەمهاتوون و کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و پاشانیش گواستنەوەی کارە هونەریەکان بۆ جێگای پێشانگا و هەڵواسین و دووبارە گواستنەوەیان و زۆر کاروباری تر کە بۆ ڕێکخستنی ئەم پرۆژەیە ئەنجامدراون، هەموو ئەمانە لەلایەن کەسانی جیاوازەوە کراون کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کرێیان وەرگرتووە و سودمەندبوون. بێگومان لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە ئەمانە خودبەخود لە بەهای هونەریی پرۆژەکە یان بەرهەمە هونەریەکان دادەبەزێنێت، بەڵکو تەنها خستنەڕووی ئەو واقیعیەتەیە و دیاریکردنی ئەو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتیەیە کە بەرهەمهێنانی هونەری و پرۆژەیەکی هونەری تیایدان، گەر لەدیدگایەکی رۆمانسی و ئەفسانەئامێزەوە لێیان نەڕوانین. دەرەنجام و کاریگەریەکانی ئەم واقیعیەتە بۆ مەسەلەیەکی وەک ئەنفال کە ئەم پرۆژەیە لەچوارچێوەیدا و بەمەبەستی یادکردنەوەی هاتۆتەکایەوە، لەلای خوارەوە باسدەکەین.

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد ئیشکالیەتی سەرەکی ئەوەی هونەر نەیتوانیوە و بەزەحمەت دەتوانێت مامەڵەیەکی شیاو لەگەڵ تراژیدیای ئەنفالدا وەک کارەساتێکی مرۆیی بکات وەیان بەشداریەکی بەرچاو بکات لە کردنی ئەنفال بە سیمبۆڵێکی نەتەوەیی، لە سێکتۆری کولتوری خۆیدایە. هونەر لەکوردستان هێشتا لە قۆناغێکی رۆمانسیانەدایە، نەک بەواتای شێوازی کارکردن بەڵکو وەک مەفهوم، وەک شێوە دونیابینیەک و خودبینیەک. لەم قۆناغەشدا هونەر و بەرهەمی هونەری کردەیەکی ئایدیالیستانەیە و خاوەنی پەیام و ئەرکێکی سەرشانە. لە قۆناغێکی وادا بەگشتی سەیری هونەر وەک چالاکیەکی مرۆیی دەکرێت کە خاوەنی پەیامێکی باڵایە، خزمەتی خەڵک دەکات، لەڕادەی خۆشگوزەرانیان زیاددەکات و بەشداری لە پێشەوەچوونی کۆمەڵگا و شارستانیەتدا دەکات، هەربۆیەش دەبێت لەلایەن دەوڵەتەوە کۆمەکی بکرێت و پەرەی پێبدرێت.

بەهۆی نەبوونی بازاڕێکی هونەریەوە کە هونەرمەندان تیایدا تەواو ئازادی خۆیان هەبێت، هونەر و هونەرمەندان تاڕادەیەکی زۆر، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە دەسەڵاتەوە، مەگەر خۆیان تەواو دوورەپەرێز بگرن. بێگومان ئەمەش شتێکی رەها نییە و بەڵکو بەتەنها بەشێوەیەکی گشتی وایە. ئەگەرنا بەتایبەتی لەئێستادا کە دەست و پێی هونەرمەندانی کورد تاڕادەیەک کراوەتەوە و جگە لە دەروازەکانی دەسەڵات دەروازەی تریش واڵابوون، هەلێک بۆ هەندێک لە هونەرمەندان هەڵکەوتووە تا لە دەرەوەی کۆمەک و کۆنترۆڵی دەسەڵاتیشدا بتوانن چالاک بن. گرفتەکە لەوەدایە لەم بارودۆخەدا بەرهەمهێنانی هونەری تاڕادەیەکی هەرەزۆر پەیوەستە بە کۆمەکی دەوڵەت و دەسەڵاتەوە و لەبەرئەوەی تا ئەم ساتەوەختەش، ساتەوەختی پرۆژەی 'خۆری رەشپۆش'، دەسەڵات دەسەڵاتی حیزبیە، حکومەت و سیاسەت و پلاندانان لەژێر دەسەڵاتی حیزبدان، ئەوا بەرهەمهێنانی هونەریش، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی بە کۆمەکی حکومەت و حیزب دەکرێن تاڕادەیەکی زۆر، جا ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، پەیوەستن بە حیزبەوە. بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیدی بێ چون و چرا بەرهەمی هونەری دەبێتە کردەیەکی سیاسی، بەڵکو لەهەر حاڵەتێکدا بێت هونەرمەند وەک تاکەکەس دەتوانێت

سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. کێشەکە لە لایەنێکی تردایە.

کاتێک بەرهەمهێنانی هونەر، بەتایبەتی پرۆژەی هونەری، بۆ بەردەوامی و ژیانی پەیوەست بوو بە کۆمەکی دەسەڵات و دەوڵەتەوە، ئەوا هونەر هەر تەنها پارەی تیادا مەسرەف دەکرێت و خۆی ناتوانێت خۆی بژێنێت و دەستکەوتی ماددی هەبێت. بەواتایەکی دی تەنها دەستکەوتێکی مەعنەوی دەبێت و لە قۆناغی رۆمانسیەت ناترازێت. ئەمەش هێشتا کێشەیەکی ئەوتۆ نییە. گرفتەکە لەوەدایە کاتێک پرۆژەیەکی هونەری دەیەوێت پشگیری لە مەسەلەیەک یان کارەساتێکی مرۆیی بکات، ناتوانێت جگە لە پشتگیریەکی مەعنەوی، کە زۆرجاران بەدەگمەن دەگاتە ئەو کەسانەی پێویستیان بە پشتگیری هەیە، هیچی تر بکات. لەوەش گرفتتر ئەوەیە کە رەنگە هەندێکجار زیان لە قەوارەی پشتگیریە ماددیەکانیش بدات. لێرەدا دەتوانین بۆ رونکردنەوەی ئەمە بەراوردکاریەک بکەین: لە دونیای خۆرئاوادا کە هونەر، نەک هەر کۆنسێرتەکان بەڵکو تاڕادەیەکی باش شانۆگەری و هونەری شێوەکاریش، دەتوانێت دەرامەتێک بەدەستبهێنێت، چالاکی هونەری و بەرهەمی هونەری دەتوانێت وەک پرۆژەیەکی پشتگیری پارە بۆ قوربانیانی کارەساتێک کۆبکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا لە کوردستان هونەر خۆی بۆ سازدانی پرۆژەیەکی پشتگیری پێویستی بە کۆمەکێک هەیە کە رەنگە بەشێک بێت لەهەمان بودجەی بۆ پشتگیری لەو قوربانیانە تەرخانکراوە.

گەر لە ئێمەی هونەرمەندان داوابکرایە کارێکی هونەری بۆ ئەنفال بکەین و داهاتی فرۆشتنی کارەکان، فرۆشتنی بلیتی شانۆگەری و کۆنسێرتەکان پێشکەش بکەین بۆ پرۆژەیەک بۆ قوربانیانی ئەنفال، بۆنمونە پرۆژەیەکی ئاوەدانی یان چاویلکە بۆ قوربانیانی چاوکزی ئەنفال، ئەوا دەکرا لە هەڵوێستی ئێمە و مانای کارەکانمان بەشێوەیەکی تر بڕوانین، ئەوا بێگومان بەشداریکردنمان و بەرهەمە هونەریەکانمان نەدەچوونە چوارچێوەی بازرگانی یان پیشەسازیەوە.

گەر هونەر لە پۆشاکی ئایدیالیستانە و مەفهومە رۆمانسیەکەی روتبکەینەوە، ئەوا هونەر جۆرێکە لە لوکسەری (کەمالیات). گەر زۆر بە سادەیی ئەمە روونبکەینەوە دەتوانین بڵێین لەزۆربەی حاڵەتدا گەر کەسێک نانی نەبوو بیخوات ئەوا بەرهەمێکی هونەری گرنگیەکی ئەوتۆی نییە بۆی. لە حاڵەتی ئەنفالدا گەر لە قوربانیان و کەسوکاریان بپرسیت ئاخۆ لە ساڵرۆژی ئەنفالدا پێشانگایەک، شانۆگەریەک، کۆنسێرتێک، خوتبەیەکی بەهێز و شیعریان دەوێت یان پرۆژەیەکی خنجیلانە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداریەک لە چاککردنی بارودۆخی ژیاریاندا بکات، ئەوا زۆربەی هەرە زۆریان دووەم هەڵدەبژێرن. کەواتە بەداخەوە دەرەنجامی تاڵی ئەمە ئەوەیە ئەو بڕە پارەیەی لە پرۆژە هونەریەکانی ئێمەی هونەرمەنداندا بۆ پشتگیری لە قوربانیانی کارەساتێک خەرجدەکرێت رەنگە بتوانێت بەشێوەیەکی دی سودی گەورەتریان پێببەخشێت.

**تێبینی: ئەم دوو بابەتەی تایبەت بەئەنفال.. بەشێکن لەو زنجیرە نووسینانەی کە لەسەر ئەم بابەتە نووسراوەو لەبڵاوکراوەی "ئەنفال.. خۆری رەشپۆش" بڵاوبۆتەوە، بەڵام لەبەر گرنگی بابەتەکان بەپێویستمانزانی ئەم دووانەی لێ هەڵبژێرین و سەرلەنوێ بڵاویان بکەینەوە. -ئاینده-**